# بەهەشتی تاراوگەو ونبوونی ئازادی

## خوێندنەوەی شیعری "کۆمارێك لێوان لێو لە قەدەر"ی محەمەد کەساس



**ئارام سدیق**

خوێندنەوە و نووسین لەسەر هەر دەقێك کارێکی سانا نییە و پێموایە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەرکی نووسین و راڤە ناکۆتاکانی چەمکی نووسین. رۆلان بارت دەڵێت: نووسین لەناوبردنی هەموو دەنگێك و هەموو کەسێکە. نووسین ئەم بێلایەنییەیە ئەم دانان "تألیف" و پێچ و پەنایەیە، کە خودی کارامانی تێدا ون دەبێت و ئەو رەشاییـ– سپیاییەیە، کە هەموو ناسنامەیەکی تێدا ون دەبێت، پێش هەمووشیان ناسنامەی ئەو جەستەیەیە، کە دەنووسێ. لێرەوە تێدەگەین ئەرکی نووسین چییە؟ نووسین بەرلەوەی گوزارشت لە دەوروبەر بکات گوزارشت لە ناخی نووسەر دەکات و ئاوێنەی ژیانی نووسەرە. بۆرخیس لەم بارەیەوە دەڵیت: پێشینەکانی خۆی لەنێو نووسینەکانیدا دەخولقێنێت. پاولۆ کۆیلۆیش دەڵێت: هەریەك لە کتێبەکانم شتێك لە ئەزموونی تایبەتیی خۆمیان تێدایە. ئەم رستانە ئەوە دەسەلمێنن کە دەق خاوەنی نزیکییەکی زۆرە لەگەڵ نووسەردا و بەرکەوتنی راستەوخۆشیان هەیە.


محەمەد کەساس

ئێستاش زۆرجار رەخنە ئەوە دووپاتدەکاتەوە، کە کارەکانی بۆدلێر بەرئەنجامی شکستەکانی بۆدلێری مرۆڤە، یان بەرهەمەکانی چایکۆفسکی زادەی کەموکورپییەکانیەتی. بەمجۆرە بۆ لێکدانەوەی هەرکارێك دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسەی بەرهەمی هێناوە، وەك بڵێی لەودیوو هەموو ئەو شتانەوە، کە وەهمەکە هێمایان بۆ دەکات تاقە کەسێك هەبێت، کە ئەویش نووسەرە و نهێنییەکانی خۆی دەدرکێنێ، گەرچی مەملەکەتی نووسەر هێشتا گەلێك بەهێزە، چونکە رەخنەی نوێ لە زۆربەی کاتدا پاڵپشتی ئەو مەملەکەتەبووە، بەڵام سەرباری ئەوەش هەر لە زووەوە هەندێك نووسەر هەوڵیان داوە ئەو مەملەکەتە لەبەریەك هەڵوەشێنن.

لە رۆمانی "تاوان و سزا"ی فیودۆر دۆستۆیڤسکی–یشدا هەست بەوە دەکرێت، کە کەسایەتیی سەرەکیی رۆمانەکە "راسکۆلنیکۆف" خۆدی دۆستۆیڤسکی بێت، بەڕای زۆربەی نووسەرانیش نزیکییەکی زۆر لە نێوان خودی نووسەر و ئەو کەسایەتییەدا هەیە. تا ئێرە قسەکردنێکی گشتی بوو لەسەر دەق و چۆنێتیی ئەفراندنی لەلایەن نووسەرەوە، بەڵام ئەگەر ورد لەم بارەیەوە بڕوانین و لە پانتایی رۆشنبیریی کوردیدا لەم بابەتە وردبینەوە دەبینین، هەمان پێناسە بۆ دۆخی رۆشنبیریی کوردیش دەچەسپێ. دەق لەنێو رۆشنبیریی کوردیدا تا هەنووکە بە رێژەیەکی زۆری گوزارشتە لە ئەزموونە تایبەتەکانی خودی نووسەرو هاوکات خودی کۆمەڵگەی کوردییش. ئەوەی دەمەوێ لەم نووسینەدا قسەی لەسەر بکەم قسەکردنە لەسەر دەقی (کۆمارێك لێوان لێو لە قەدەر)، کە شیعرێکی شاعیر (محەمەد کەساس)ە. ئەم دەقە جیایە لە هەموو دەقە شیعرییەکانی تری محەمەد کەساس، چونکە هەڵگری کۆمەڵێ توخمی جیاجیای پێکەوەگرێدراوە. شاعیر لەم دەقەدا دەگاتە لوتکەی یەئس و بێ گوێدانە هیچ سانسۆرێکی کۆمەڵایەتی دژی دەسەڵاتی باوکسالاری دەنگ هەڵدەبڕێت و دەیەوێ واقیعێك بخاتە روو، کە زۆرێك لە نەوەکانی ئەم کۆمەڵگەیە تا هەنووکە پێوەی گیرۆدەن. لە ئەزموونی شیعری محەمەد کەساسدا هەست بە زمانێکی نەرم و بێگرێ و وێنەی روون و دەکرێت، دوورە لە غامزیەت و ئەو ستایلە رەق و وشکەی هەندێ شاعیر بەناوی نوێگەرییەوە بە خوێنەری کوردی دەفرۆشن.

شیعرەکانی کەساس هەڵقوڵاوی عاشقانە و گەنجانەن و لەگەڵ هەڵکشانی ئەو ئەزموونەشدا وێنەی نوێ و روانینی تازە رژاوەتە کانیاوی شیعری ئەم شاعیرە. ئەوەی کەساس لە شاعیرانی هاوتەمەنی خۆی جیادەکاتەوە ئەو ستایلە تایبەتەیە، کە تایبەتمەندیی بەخشیوە بە دەنگی شیعری و لە هیچ کام لە هاوتەمەنانی خۆی ناچێ، رەنگە ئەمە هەندێك کەس بە حوکمێکی موتلەقی بزانێ، بەڵام ئەمە رای

تایبەتی منە و ئەزموونی سی ساڵەی ئەم شاعیرەش گەواهیی ئەم قسەیەن. رەنگە ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرە سەرەتا لەژێر سێبەری روانگەییەکاندا بووبێت، یان چەند شاعیرێکی دیاری تر، بەڵام لەپاش دەیەی هەشتاکانەوە ئەم شاعیرە خاوەنی رێچکە و دەنگی تایبەتی خۆیەتی. ئەگەرچی سەختییەکانی ژیان و نەهامەتی کاریگەرییەکی نێگەتیڤی لەسەر ئەم شاعیرە هەبووە، بەڵام ئەو هەموو سەختییانە چۆکیان بە شاعیر دانەداوە و بەردەوام لە نوێبوونەوەدا بووە و لە ئەفراندنی دەقی نوێدایە ئەو سەختی و نەهامەتییانە لە منداڵییەوە تا ئێستا بەرۆکیان گرتووە و لە شیعرەکانی کەساسدا بە روونی هەستی پێدەکرێت، هەموو ئەمانەش بۆتە هۆی ئەوەی ئەم شاعیرە کۆمەڵێك دەقی زۆر عەدەمیانە بئەفرێنێ، کە شایستەی لەسەروەستان و لێوردبوونەوە بن. بۆ ئەوەی زیاتر لە مەبەستی ئەم نووسینە دوور نەکەومەوە، دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ قسەکردن لەسەر شیعری "کۆمارێك لێوان لێو لە قەدەر" و لێرەوە دەمەوێ لەسەر چەند لایەنێکی قسە بکەم، چونکە ئەم دەقە هەڵگری کۆمەڵێ توخمی سەرەکییە، کە دەمەوێ شیکاریان بکەم.

**گەڕانەوە بۆ منداڵی، یادەوەرییە تاڵەکان:**

بۆ قسەکردن لەسەر هەر بەشێك، یان لایەنێکی گرنگی ئەم شیعرەی (کەساس) پێویستمان بە گەڕانەوەیە بۆ پێناسەکردنەوەی شیعرو وردبوونەوە لە شیعرو پاشان تەوزیفکردنی لەم شیعرەدا. عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا لە لێکۆڵینەوەیەکدا دەنوسێت: شیعر کەشفکردنی پەیوەندییە تازەکانی وشەکان و شتەکانە. شیعر پەیوەندیی نێوان واقیع و مرۆڤ و نوێکردنەوەو زمانە لە پانتاییە جیاوازەکاندا و ئێمە لە شیعرەوە دێینە نێو بوون و هەمیشە لە شیعرەوە هەڵدەقوڵێین، بەڵام نەك بەو مانایەی، کە شیعر قەڵەمڕەوی هەقیقەتەکان دەکات، بەڵکو بەو مانایەی شیعر دەرککردنی شتێکە، کە دەرك ناکرێ. لێرەوە گرنگیی شیعرمان بۆ روون دەبێتەوە، پێموایە هەر ئەم هۆکارەشە کە شیعر دەبێتەوە بە یەکەمین ژانری ئەدەبی لە جیهانداو مرۆڤ بە شیعر زمانی دەپژێ و هاوکات مێژووی ئەدەبی ئێمەش بە شیعر دەستپێدەکات و تا هەنووکەش شیعر تێیدا زۆرترین پانتایی ئەدەبی کوردی داگیرکردووە، چونکە شیعر هەمیشە دەیەوێ نەوتراوێك بڵێ و مانایەك بۆ بوون ئیزافە بکات و شەڕی شیعر لەنێوان ئەفسانە و خەیاڵدایە دەیەوێت هەقیقەت بەرجەستە بکات، بەڵام شیعر بەردەوام دەیەوێ لەسەر هەقیقەت کاربکات و پانتایی هەقیقەت لە شیعردا زاڵترە و کەمتر دەتوانرێ ئەفسانەو میتۆلۆژیا تێکەڵی شیعر بکرێت، دەنا خەیاڵی شاعیر دەورێکی باڵای هەیە لە گەڵاڵەبوونی بونیادی دەقێکی شیعریدا.

لێرەوە دەکرێت بچینەوە بۆ لای دەقەکەی کەساس. ئەم شیعرە جۆرێکە لە یاداشتنامەو نووسینەوەی مێژووی پڕ لە هەڵدێری ژیانی تایبەتی شاعیر. هەر ئەمەشە کە هەندێ تایبەتمەندیی گرنگ بەم شیعرە دەبەخشێ. لەم شیعرەدا شاعیر ئاماژە بە ساڵی لەدایکبوون و چۆنێتیی لەدایکبونەکەی دەکات و بەم شێوەیە دەست پێدەکات و دەنووسێت:




**ساڵ: پەنجا و حەوتی پێش ئەنفال**

**شوێن: برینێکی قووڵ**

**کات: لەودیو زەمەنەوە**

**بابەت: ستەمێك بۆ بوونێکی ستەم**

ئەوەی لەمەی سەرەوەدا روونده‌بێتەوە بارانێکی رەشی عەدەمیەتە و "نا"یەکی قوڵ و گەورەیە بەرامبەر بوون و بیرکردنەوەیەکی بوونگەراییانەیە. شاعیر هەست دەکات لە بوونیەوە ژیانی لەنێو زام و ستەمدا بردۆتە سەرو ئەوەی تائێستاش لەگەڵیدا دەژی تەنها زام و ستەمە. لەنێو ئەم زام و ستەمانەدا منداڵیی کەساس دەگوزەرێ. منداڵییەك خاڵی لە ئاسودەیی و خۆشنوودی، یاخود من دەڵێم منداڵییەکی ون. منداڵیی کەساس هێندەی منداڵیی مەحمود دەروێشی شاعیری فەلەستینی پڕ ئازارو کەسەرەو منداڵییەکە لە ئاوارەیی. مەحمود دەروێش لە دیدارێکی رۆژنامەوانیدا راشکاوانە لە بارەی منداڵیی خۆیەوە دەدوێت و دەڵێت: منداڵیم لە ئاوارەیی و راکردندا بەسەربردو نەمزانی منداڵی چییە؟ ئەوەی منداڵیی کەساسیش دەبەستێتەوە بە مەحمود دەروێشەوە هەمان سیناریۆی ژیانە لە منداڵیی ئەم شاعیرە کوردەدا. هاوکات دەمەوێ نموونەی منداڵیی کافکاش بهێنمەوە. کافکا لە منداڵیدا یەکێك بووە لە شەرمنترین منداڵەکانی خێزانەکەی لە ئاستی باوکیدا و لەو نامەیەی کە بۆ باوکی نوسیوە زۆر بە ڕوونی هەموو ئەو ترسانەی روونکردۆتەوە، کە لە باوکی هەیبووە، ئەوەشی روونکردۆتەوە کە باوکی بەردەوام سەرزەنشتی کردووە، هەتا دەنووسێ: من لەبەرامبەر تۆدا زمانم دەگیرێ، کەچی تۆ هەر ناڕازی بوویت تا ئەوەی من لاڵ و مت دەبووم و لە بەرامبەر تۆدا نەمدەتوانی بیربکەمەوە. ئەوەی باوکی کافکا لەگەڵ کافکا کردی ئەگەر کەمتر نەبێت لەو زوڵم و ستەمانەی زۆرێك لە باوکانی کۆمەڵگەی کوردی و کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکان دژ بە نەوەکانیان دەیکەن زیاتر نییە. باوکی رۆژهەڵاتی بەردەوام لە هەوڵی چاوترسێنکردنی منداڵەکانیایەتی و بەردەوام هەڕەشەی جۆراو جۆری لێدەکات، هەروەك کافکا لە نامەکەیدا دەربارەی هەڕەشەکانی باوکی دەنووسێت: هەمیشە کە هەڕەشەت دەکرد لێم دەتووت وەکو ماسییەك لەت و پەتت دەکەم. ئەم هەڕەشەیەی باوکی کافکا تا رادەیەکی زۆر خاوەنی نزیکییە لەگەڵ ئەو هەڕەشەیەی باوکێك لە کۆمەڵگەی کوردیدا لە منداڵەکەی دەکات. کەساس لەم شیعرەدا راشکاوانە پەنجەی لەسەر ئەم زامەی نەوەکانی کۆمەڵگەی ئێمە داناوە و دەڵێت:

**حەمەی تەنیا، بە منداڵی**

**لەژێر سایەی کەسەرێکی دووسەرەدا هاتۆتە بوون**

**بە ژانی مەراقێکی رەشتاڵەی باڵابەرز**

چاوی هەڵهێنا

ئیدی، ئولفەتی بە گریانەوە گرت

لەو سەحەرەوە چاوی کردەوەو

سروشتی گریانی دەستپێکرد

پیاوێك بەناوی (باوك) لێی توڕە بوو

باڵی پەپوولە ئاسای فڕینی خەونە ئاڵەکانی

تێکشکاند.

لەم چەند دێڕەی سەرەوەدا دەردەکەوێت منداڵیی کەساسیش هاوشێوەی منداڵیی کافکا گوزەراوەو وەکو ئاماژەشی پێدراوە باوکی کەساس کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر ئەو قۆناغە هەستیارەی ژیانی هەبووە. ئەوەی مەبەستمە ئاماژەی پێبکەم لێرەدا ئەوەیە، کە منداڵیی کەساسیش وەکو منداڵیی چەندین نەوەی کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکان بە گشتی و کۆمەڵگەی کوردی بەتایبەتی پڕیەتی لە ژان و ستەم و ئازار، یان راستتر بڵێین منداڵییەکە ونە. ئەوەی لە هەمووی سەیرترە لە کۆمەڵگەی ئێمەداو من تێبینیم کردووە، زۆرێك لە منداڵان لە دوای تەمەنی چوارساڵەوە تا دوانزە ساڵ ئاوات بە گەورەبوون دەخوازن و زۆرێکیان هیواداری زوو گەورەبوونن، بێگومان ئەمەش دیسان لەو پەروەردە ناتەندروستەی خێزانەوە رێچکەی بەستووە، کە منداڵی پێ گۆش دەکرێ. منداڵی کورد هێندە بێنازو بێمافە، کە لە سەرەتای بوونیەوە هەست بەو بێمافی و بێنازییە دەکات، بۆیە دەیەوێ لە زووترین ماوەدا ئەو منداڵییە پڕ لە بێمافییە ببڕێتەوە و تێپەڕێت تا لە تەمەنێکی باڵاتردا ببێتە خاوەنی خۆی و لەژێر چنگی خێزاندا رزگاری بێت. منداڵیی کەساسیش منداڵییەکی پڕ لە بێنازی و بێمافییە و ئەمەش دەکاتە ئەوەی بڵێین منداڵیی کەساس منداڵییەکی ونە، هەر وەکو چۆن گەنجیشی ونە.

### ونبوونی گەنجێتی:

گەنجێتی ئەو قۆناغە هەستیارەی تەمەنی مرۆڤە، کە رووداوەکانی زۆر خێران گۆڕانە فیسیۆلۆژییەکان هێندەی چرکەکانی زەمەن خێران، بۆ ئەوەی گەنج بتوانێت ئاگاداری ئەو گۆڕانە خێرایانە بێت پێویستی بە کات و بیرکردنەوەی زۆر و هاوکات کەسی یاریدەدەریش هەیە تا زۆرێك لە رێگە تاریکەکانی ئەو قۆناغەی ژیانی بۆ رۆشن بکاتەوە. ئەوەی لەم قۆناغەدا گرنگە بۆ گەنج چاودێریکردنیەتی بۆ پەروەردەیەکی تەندروستانەی سەردەم، نەك پەروەردەیەکی سەرکوتکەرانە و چاودێریکردنێك بۆ پووکانەوەی خەون و حەزەکان. بێگومان گەنجی کورد تا رادەیەك لە هەنووکەدا خاوەنی ئازادی و بیرکردنەوەی خۆیەتی و هەندێك لە خێزانەکان ئازادیی تەواویان داوە بە گەنج، بەڵام دوور لە پەروەردە، هەندێکی تر گەنجیان لەژێر پەروەردەیەکی زۆر پۆلیسیانەدا قەتیس کردووە، کە بە هیچ شێوەیەك بوار بۆ بیرکردنەوە و گوزارشتکردن لە خەونەکانی نەماوەتەوە، لە هەردوو حاڵەتەکەدا گەنج رووبەڕووی هەڵدێرێك دەبێتەوە، کە ئەگەری لادانی زۆر نزیکە، بۆیە گرنگە خێزان گەنج لەژێر

سایەی پەروەردەیەکی گشتگیر و سەردەمیانەدا گۆش بکات، تا کۆمەڵگە نەوەیەکی پڕ وزە و چالاکی هەبێت. ئێمە پێشتر ئاماژەمان بەوە دا، کە منداڵیی کەساسی شاعیر منداڵییەکی ون بووە، بەڵام هاوکات گەنجیشی ون بووە لەم بارەیەوە دەنووسێت:

**بەو تەمەنە کاڵەوە، پێی نایە**

**قۆناغی پیاوەتی، بەدەر لە**

**لەزەتی گەنجێتی...**

لێرەدا تەواو هەست بەو هەناسە ساردی و پڕ کەسەرەی شاعیر دەکەین، کە بۆ گەنجێتیی هەڵدەکێشێ. بێگومان تەنها گەنجێتیی کەساسی شاعیر ون نییە، بەڵکو گەنجێتیی چەندین نەوەی کۆمەڵگەی ئێمە ونە و چەندین نەوە وەکو کەساس هەست بە ونبوونی گەنجێتی دەکەن. لێرەدا دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ پەیامی سەرەکیی دەق. هەموو دەقێك بوونی خۆی لە کایەیەکی دیاریکراودا دەبینێتەوە و سنوربەندە بە چەند ئاماژەیەك، کە نووسەر تێیدا باڵادەستە، هەروەها دەق دەتوانێ گوزارشت لە ئێستاو داهاتووش بکات. شاعیر لەم دەقەدا لەنێوان چەندین فەزای جیاوازو چەندین بۆشایدا گەمە دەکات و دەیەوێت دەست بۆ برینەکانی رابردوو و ئێستای بەرێت و لە کۆی هەردووکیاندا ئاینده دیاری بکات. هەر لەم بارەیەوە عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا دەنووسێت: شاعیر هەمیشە لەنێوان دوو بۆشایی گەورەدایە، رابردوو کە راستەوخۆ دەلالەتی چێژە، کە چەپێنراوەکانی لەخۆدا هەڵگرتووە، داهاتووش کە بەردەوام دەکەوێتە بەر تێکشکاندن و هەڵوەشاندنەوەو تەجاوزکردن، لەنێوان ئەو دوو بزرەشدا ئێستای شاعیر هەر تەنها جەستەیەکە لە زمان دروستکراوە. ئەم ئاماژەیەی موتەلیبیش دەستبەجێ بەسەر کەساسی شاعیردا دەچەسپێ و لەم دەقەشدا بە ئاشکرا هەستی پێ دەکرێت.

کەساس لەم دەقەدا راستەوخۆ لە رووی دەسەڵاتی کۆمەڵگە و باوکسالاریدا دەوەستێ و دەیەوێت تەواوی ئەو موعاناتە پەنگخواردووەی نیوسەدە تەمەنە لەم دەقەدا بخاتە روو و پەردە لەسەر شتە چەپێنراوەکان هەڵبداتەوە، کە ساڵانێکە سینەیان تەنیووە. پرسیارێك کە دەکرێت لێرەدا بکرێت ئەوەیە بۆچی پاش نیوسەدە تەمەن ئەوسا شاعیر پەردە لەسەر ژیانی پەنهانی خۆی هەڵدەماڵێ؟ ئەوەی بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بمانەوێت دەستمان بکەوێت دەبێت خوێندنەوەیەکی سۆسۆلۆژیانەمان بۆ بونیادی تاکی کورد هەبێت لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا. خوێندنەوەیەك کە بینینێکی نوێمان لا دروست بکات، بەڕای من لەدایکبوونی ئەم دەقە لە زەمەنی ئێستادا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە هەنووکەدا پەراوێزێك بۆ ئازادیی تاك هەیەو شاعیریش وەکو تاکێك بەشێکی لەو ئازادییە چڕیووە و لاپەڕە شاراوەکانی ناخی خۆی خستۆتەڕوو. بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئەم حاڵەتە دەبێت ئاماژە بە چەند رستەیەکی عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا بکەم لە کتێبی (خەیاڵی زمان) و نووسەر دەنووسێت: کاتێك شیعر پەردە لەسەر نەستی کۆمەڵگە هەڵدەداتەوە، کاتێك شیعر رووبەڕووی دابونەرێت دەوەستێ، کاتێك ئەرکی سەرەکیی خۆی لە رژاندنی وشەو هەڵنانی چی گوتن دەنوێنێ، دەکەوێتە ئاراستەکردنێك

كە فرە ڕەهەندی و جیاوازی و خەیاڵی زمان دووچاری شێوان دەبێ، خودی ئەو شێوانەش، شێوانی ئازادیی لێ دێتە بەرهەم. من تەواو پێچەوانەی ئەم رایەی عەبدولموتەلیبم و پێموایە قسەكردن لەسەر دابونەریت و پرسیاركردن لێی ئەركی شیعرە، بێگومان ئەركی سەرەكیی نییە، بەڵام یەكێكە لە ئەركەكان و دەكرێت لەڕێی دەقێكی شیعرییەوە تەواوی دابونەریتە چەقبەستووەكانی كۆمەڵگە بخەینە ژێر پرسیارەوە، هەروەك ئەوەی قانع و ئەحمەد موختار جاف و گۆران و هێمن و هەندێك لە شاعیرانی تر هەوڵی تێكشكاندنی زۆرێك لە دابونەریتە دیارەكانی كۆمەڵگەی كوردییان داوە، بۆیە پێموایە قسەكردن لەسەر تەواوی كۆمەڵگەو هەموو پنتە شاراوەو دیاردەكانی ئەركی شیعرەو هەوڵدانە بۆ ئەزموونكردنی ئازادی، نەك شێواندنی ئازادیی لێ بێتە بەرهەم. هەروەها پێموایە تاكی كورد ئەگەر لە هیچ شتێكدا ئازاد نەبێت ئەوا لەو چركەیەی دەقێكی شیعری تێدا دەنووسێت ئازادەو زۆر بە خەیاڵێكی ئاسودەوە دەیەوێت چێژ لە تاكبوون و ئازادیی خۆی وەربگرێت. دەكرێت ئەم وێستگەیەی شیعری كەساس زیاتری لەسەر بوەستین، بەڵام لێرەدا هەر هێندە دەرفەت هەیە.

**تاراوگە بەهەشتی شاعیر:**

ڕێبوار سیوەیلی لە كتێبی (دیاردەگەرای تاراوگە)دا دەنوسێت: لە ژیانی هاوچەرخدا، تاراوگە دیاردەیەكە خاوەنی خەسڵەت و تایبەتمەندی قووڵی خۆیەتی. رەهەندی دەروونی و كاراكتەری تایبەت و دەتوانم بڵێم گوتاری تایبەت بە خۆشی هەیە. دیاردەیەكە نەك هەر سنورە جوگرافییەكانی ژیانی پەنابەر هەڵدەگێڕێتەوە، بەڵكو گۆڕانێكی بنەماییشی لە كەسێتییەكەیدا دەكات. دیارە تاراوگە یەكێكە لەو چەمكانەی تارادەیەك لەنێو ئەدەبی ئێمەدا وەكو چەمك نوێیە، بەڵام وەكو ئامادەبوونی تەمەنی لە دووسەدە زیاترەو هەر لە تاراوگەبوونی (نالی) لەتاو زوڵم و زۆریی دەسەڵاتی رۆمەكان و هەتا تاراوگەبوونی حاجی قادرو پیرەمێردو چەندین شاعیری تر، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە لەلای ئەو شاعیرانە ئەوەیە هیچ كام لەو ناوانەی باسكران تاراوگە بە شوێنی حەوانەوە و بەهەشتی ژیان نازانن و بە دێڕێك ستایشی لەبارەی تاراوگەوە لە دیوانەكانیاندا نابینرێ، بەڵام لای كەساس تەواو پێچەوانەیە و تاراوگە بەهەشتە ونبووەكەی شاعیرە، لە كاتێكدا لای نالی تاراوگە فەنابوونە و ئەو لە قەسیدەی "قوربانی تۆزی ڕێگەتم"دا دەنوسێت:

**لەم شەرحی دەردی غوربەتە لەم سۆزی هیجرەتە**

**دڵ ڕەنگە ببێ بە ئاو بە چاودا بكات عبور**

بێگومان جیاوازیی سەردەمەكان و گۆڕانە یەك لە دوای یەكەكانی ژیان كاریگەرییەكی دیارن لەسەر گۆڕانی بیروبۆچوونی شاعیران دەربارەی هەر دیاردە و چەمكێك، كە ئەمەش شتێكی ئاساییە، هەروەها ئەگەر نموونەیەكی تر بهێنینەوە دەربارەی فەنابوون بە تاراوگە دەبینین "شێرزاد حەسەن"یش كاتێك بۆ ماوەی چەند مانگێك لە تاراوگە دەبێت لە یەك دوو وتاردا لەبارەی گەڕانەوەیەوە نووسویەتی و بە ئاشكرا دەڵێت: نەمدەتوانی لە تاراوگە بژیم و هەموو رۆژێك هەستم بە سوتانی رۆح و هەناوی خۆم

دەكرد و هەندێكجار دەگریام لەتاو غەریبی... بێگومان ئەمەش دیسان رووە ناشیرینەكەی تاراوگە دەخاتەڕوو، بەڵام هەنووكە دەزانین تاراوگە چیدی وەكو سەردەمەكانی رابردوو بارودۆخی تاكەكەسی نییە، كە دوورە لە نیشتمان و زێد و كولتووری خۆی، بەڵكو لە ئێستادا دەكرێت ئەوەی ئێمە وەكو تاراوگە ناوی دەبەین نیشتمانی دووەمی هەموو كەسێك بێت لە هەر شوێنێكی دنیادابێت. هاوكات لەڕێی تۆڕە بەرفراوانەكانی میدیاو هۆكارەكانی تری تەكنەلۆژیاوە بەردەوام مرۆڤی نشینەی تاراوگە ئاشنایە بە كولتووری خۆی و هەموو رووداوە نوێكان، ئەمەش گۆڕانێكی ریشەییە لە روانینی (تاك) بۆ ئەم چەمكە و راڤەكردنی. دەكرێت لێرەدا بپرسین ئەو زەمەنەی "شێرزاد حەسەن" بەرگەی تاراوگەی نەگرتووە و لێی هەڵهاتووە هەروەها لەگەڵ ئەو زەمەنەی "كەساس" ئاوات بە تاراوگە دەخوازێ نزیكن لەیەكەوە، چۆن بۆ چوونەكان هێندە جیاوازن؟ لێرەدا پێم وایە ئەم بابەتە هێندەی پەیوەندیی بە خودی تاكەكانەوە هەیە، هێندە پەیوەندیی بە زەمەنەوە نییە. ئێمە پێشتر نموونەی نالی و حاجی و پیرەمێردمان هێنایەوە، كە لەگەڵ ئێستادا جیاوازیی زەمەن هەیە، بەڵام شێرزاد و كەساس لەڕووی جیاوازیی زەمەنەوە زۆر لێك نزیكن و ئەوەی ئەم دوو نوسەرە دەكاتە دژ و پێچەوانە بۆچوونە و جیاوازیی بیركردنەوەیە. با بگەڕێینەوە لای شیعرەكەی شاعیر و بزانین بۆ تاراوگە بە بەهەشت ناوزەند دەكات و دەنووسێت:

**لێرە، جەستەت شەكەت و**
**سەرت قورس و**
**ترپەی دڵت نائاسایی**
**لەوێ، بارانی پاكبوونەوە**
**گوناهەكانی ئێرەت دەشواتەوە**
**لێرە، رۆحت**
**بە سێدارەی ئازادییەوە**
**هەڵدەواسرێ ...**

هەڵبژاردنی تاراوگە لەلایەن شاعیرەوە بۆ رزگاربوونە لە دوو خەم، كە سەرتاپای ژیانیان داگیركردووە: یەكەمیان خەمی رزگاربوون لەو ئێش و ئازار و ناكامیەی ژیان. خەمی دووەم گەڕان بەشوێن ئازادیداو ئەزموونكردنی ئەو كەشە ئازادەی لە تاراوگە رەخساوە، چونكە تاراوگە لە بیری شاعیردا شوێنگەو بزوێنەرێكی گەورەی نوێبوونەوە و داهێنانە، بەڵام دەبێت ئاماژە بەوەش بكەم، كە تاراوگە لە ئەدەبیاتی ئێمەدا هەمیشە مانایەی نێگەتیڤی هەبووە. وەكو بەختیار عەلی دەنووسێت: مەنفا وەك شوێنێكی تاریك و نیشتمان وەك خاكێكی رووناك و پیرۆز تەماشاكراوە... هەروەها دەربارەی تاراوگەبوونی نالی دەنووسێت: نالی دامەزرێنەری یەكەمی ئەو وێنەیەی مەنفایە، یەكەمین كەسە هەستی غوربەتی نووسیوەتەوە.

ئەگەر لای نالی و حاجی مەنفایان وەکو دۆزەخ و نیشتمانی وەکو بەهەشت وێناکردبێت، ئەوا لە ئێستادا ماناکانی مەنفا نیشتمان و ئاوەژوو دەبێتەوەو لای هەریەك لە (محەمەد کەساس و بەرزان هەستیار) نیشتمان دۆزەخ و مەنفا بەهەشتە. بێگومان دەکرێت ئەم دوو شاعیرە (مەبەستم کەساس و هەستیارە) بە تێکشکێنەری ئەو وێنە دۆزەخییەی مەنفا ناو ببەین، کە نالی و حاجی دروستیان کرد، هەروەها دەکرێت ئاماژە بەوەش بدەین، مرۆڤی هاوچەرخ (کە وەکو زاراوەیەك من دەمەوێ بۆ ئینسانی سەردەمی گلۆبالیزم بەکاری بهێنم) بەهۆی گۆڕانە خێراکانی تەکنەلۆژیا و جیهانیبوونەوە تەنها هەوڵی ئەوە دەدات لە کوێی ئەم دونیایەدا ژیانی دەگوزەرێ دەیەوێ بژی، یان کوێی دنیا پەناگەیەکی هێمنترە بۆ ژیانی، ئەوێ دەکاتە نیشتمانی خۆی، هەروەها هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی ئێمە فاکتەری بەهێزی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەن، چونکە کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی "کۆیە"و تاك تێیدا ونە، ئەم ونبوونەی تاك کاریگەریی زۆری لەسەر دروستبوونی ئەم حاڵەتە هەیە و لای بەرزان هەستیار و لە شیعری "بەندەرە ئارامەکانی دووری"دا ئاماژەیەکی جوان بە هەڵهاتنی تاکی کورد کراوە لە دەست کۆمەڵگە و ئەو ئاڵۆزییەی لەنێو خێزان و کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە و هیچ دەرفەتێك بۆ بیرکردنەوەی تاکانەی مرۆڤ نەهێڵدراوەتەوە.

دواجار دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم رەنگدانەوەی ئەم حاڵەتە لای کەساس هەڵهاتنە لە ئاڵۆزیی ژیان و ئەو کۆبوونەوەیەی خێزان و کۆمەڵگەی کوردی و شاعیر دەیەوێ لە تاراوگە وەکو تاك بژی و بیربکاتەوەو ئازادانە ژیان ئەزموون بکات، بێگومان ئەم حاڵەتانە لە کوردستاندا یان دەستەبەر نابن یان زۆر بەزەحمەت بۆ مرۆڤ فەراهەم دەبێت، یان دەتوانین بڵێین هەڵبژاردنی تاراوگە لەلایەن شاعیرەوە هەڵهاتنی مرۆڤێکە وەکو رەمز و نوێنەری نەوەیەك، کە دەسەڵاتی کوردی و سرووتە کۆمەڵایەتییە چەقبەستووەکان نیشتمان و زێدی خۆیان لەبەرچاو ناشیرین کردووە.


**سەرچاوەکان:**

*محەمەد کەساس، کۆمارێك لێوان لێو لە قەدەر، شیعر، ئایندە، ژمارە (69) تشرینی یەکەم (2006).

* عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا، خەیاڵی زمان– لێکۆڵینەوە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم (2004).

*بەختیار عەلی، خوێنەری کوشندە– کۆمەڵە وتار، لەبڵاوکراوەکانی چاپخانەی رەنج (2005).

* عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا، پەیبردن بە ژیان پەیبردن بە شیعریەت بوون– لێکۆڵینەوە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم (2001).

*رێبوار سیوەیلی، دیاردەگەرایی و تاراوگە– لێکۆڵینەوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس (2002).

*کۆمەڵێك نووسەر، لاپەڕە پەرشەکان، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم (2005).

* مەحمود دەروێش، هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی شیعر و سیاسەت، وەرگێڕانی جەمال غەمبار، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم (2005).